کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 17:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بە بۆنەی تەقینەوەکەی هەولێر! ... عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین
2007/05/09

جێگەی خۆیەتی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هۆی تەقینەوەکەی ئەمڕۆی شاری هەولێر، جارێکی تر تووشی دڵەڕاوکێ ببنەوەو، کابووسی ترۆر بێتەوە بەرچاویان.



ئەزموونەکانی ئاسایشی دنیا ئەوە پێشاندەدەن، کە دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش هەرچەند وردەکار و چالاک بن، ناتوانن ڕێگە بە تاوانکار و ترۆریستان بگرن، ئەگەر بێت و کۆمەڵانی خەڵک پشتگیری و پشتیوانی ئەم دام و دەزگایانە نەکەن و، هەر تاکێک لە شوێنی خۆی، خۆی بە پاسەوانێکی نیشتمانەکەی نەزانێت.
بەڵام ئەم ڕادەی لێپرسراوییە تەنها لە کۆمەڵێک چاوەڕوان دەکرێت، کە باوەڕی بە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانەکانی خۆی هەبێت و، لە سایەیدا هەست بە ئازادی، یەکسانی، ڕەوایی و مافە سەرەتاییەکانی خۆی بکات. لە سامان و دەستکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەی بەشدار بێت و، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤایەتی پارێزراو بێت. بە پێچەوانە ناڕەوایی، هەژاری، بێ کاری، بێ هیوایی، پەیدابوونی کەمایەتییەک چینی داراو زۆرایەتیەکی چینی هەژار بە شێوەیەکی ناڕەوا، ئەمە باشترین ئەتمۆسفێرە بۆ ترۆر و بۆ هەڵگەڕانەوەی تاکە هیوابڕاو و بێ دەرەتان و بێ ئاسۆکان و، باوەشکردنەوەیان بۆ بێگانەو تاوانکار و خراپکاران. بە شێوەیەک کە هیچ هێزێکی پۆلیس و ئاسایش نەتوانێت بەسەر بارەکەدا زاڵ ببێت و لەوانەشە ئاکامێکی زۆر مەترسیداری کۆنترۆڵ نەکراوی لێ بکەوێتەوە.
بۆ ئەوەی ئەو ڕێگە ئاسانە لە ترۆریستان بگیرێت و، ئاسایشێکی ڕەسەن و کرۆکدار لە کوردستان بەرقەرار بێت، دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان نەکەوێتە بەر مەترسی، پێویستە هەموو ناڕەزایی و تووڕەییەکی خەڵک بە هەند وەربگیریت و، بەردەوام سیاسەتمەداران هەناوی کۆمەڵانی خەڵک بخوێننەوەو، بەرپرسانە وەڵامی داخوزییەکانی خەڵک بدەنەوەو باڵی ڕەوایی بکێشنە سەر وڵات، ئەو باڵەی کە خراپکارن ناتوانن بچنە ژێریەوە. ئەمەش کاریگەرترین پارێزگاریە بۆ ئاسایش و توندترین لێدانە لە ترۆریستان!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.